www.kurdistannet.org
26-4-2003 11:22

# ئایا پێویستە عیراق یەك بمێنێتەوە؟

نووسینە:- رالف پیتەرز
وەرگێرانی:- تاهیر تەیب

بەپێی عەقڵی جاران، عیراق پێویستە یەکپارچە بمێنێتەوە. واشنتن پابەندی ئەو بیرۆکەیەیە. کارگێڕی بوش مکوڕە لەسەر ئەوەی رێگە نەدا کە شیرازەی عیراق لەیەکتری بترازێ.

بەلاّم چ دەبێ ئەگەر هەندێ عیراقی بیانەوێ بەجودا لەو کەسانەدا بژین کە قەسابخانەیان بۆ خیزانەکانیان ناوەتەوە؟

بێگومان کۆششەکانی ئێمە بۆ دووبارە رێکخستنەوەی هەرێمەکە پاراوتر دەمێنێتەوە ئەگەر عیراق، بەشادمانیەوە لەناو سنوورەکانی ئێستایدا، یەکپارچە بمێنێتەوە. دەبێ تەقەلا سەرەتایی یەکانی ئێمە بە مەرامی ئاسانکردنی هاوکاری نێوان چینە ئێتنی (رەگەزی) و گرووپە ئاینیی یەکان بێت و بەو ئومێدەش بێت کە بشیانپارێزێ. بەلاّم هەر لەهەمان کاتیشدا، ئەگەر بمانەوێ خۆمان نەخەینە بەر شالاّوی ئەو هێزانەی کەناتوانین کۆنترۆڵیان بکەین، ئێمە پێویستمانە کە لە پێشدا بیرێکی زیندووانە بکەینەوە.

چ دەقومێ ئەگەر گەلی عیراق بەرهەلّستی ئامۆژگاریەکانی ئێمەبکەن بەوە قایل نەبن کە ئێمە پێیان دەلّێین (ئەوان بەیەکگرتوویی ئابووری یان باشترو ئاسایشیان سەقامگیرتر دەبێت؟) چ دەبێ ئەگەر یۆگۆزلاڤیای دوای شەڕی سارد بکرێتە نموونەیەك بۆ عیراق و ژاپۆن و جەرمەنستانی دوای شەڕی دووەمی جیهانی نەکرێتە ئەو نموونەیە؟

پەندی سەرەکی لەیۆگۆزلاڤیا ئەوەبوو کە (نە فشاری دیپلۆماتی و نە هبوودی یارمەتی و نە هێزەکانی ئاشتی پارێزانیش توانیان ئارەزووی سەرکوتکراوەکان لەوەدەستهێنانەوی سەربەخۆیی و ناسنامەیان دامرکێننەوە.) ئەو هەولاّنەی بۆ ناچارکردنی ئەم گرووپانە درانەو دەدرێن، تا وەك منداڵی چاك بەیەکەوە گەمان بکەن، تەنیا دەبنە هۆی دوورخایەنی ململانێیەکەو خوێنڕژتنیش پتر دەکات.

ئێمە نەگەیشتووینەتە ئەوە کە بەپەلە نموونەی ئەورووپا پیادەبکەین و بەرپەرچی ویستی ئەو چەماوەرە بدەینەوە کە پێویستە پشتیوانیان بین. ئەگەر وەلاّتەیەکگرتووکان پشتیوانی مافی چارەی خۆنووسین نەکات ئەدی کێ دەیکات؟

ئەم باسەم بۆ ئەوە نە ورووژاندووە تا هانی جوداخوازی کوردان یان هی شیعەکان بدەم. ئەگەر بابەتیانە تەماشا بکەین، یەکپارچەیی دەولّەتی عیراق فرە سوودی هەس، کەچی تەگەرە پراکتیکەکانی رێگەی پەیدابوونی دەولّەتی چکۆڵە-چکۆڵە خۆیان لە کۆردستانێکی گەمارۆدراو لەباکوورو هەرەشەی تاکرەوی ئاینی لەباشووری شیعەوە دەنوێنن.

بەلاّم خۆ گەلێك جاران عەقڵ، لە کێشەی پەیدابوونی وەلاّت و نەتەواندا، بالاّدەست نابێت. سۆزیش حوکمی خۆی هەیە. کۆزۆڤۆو ماکەدۆنیاو بۆزنیا بە یاردەتی دەرەکیو بازاڕی رەش و قەردەوە دەژین. دووان لەو سێیانە بەنوێتی لەناو خوێنەوە پەیدابووینە و هەرسێکیشیان پڕ گرفتن. بەلاّم هیچ کام لەم گرفتانە رێگەیان لەدیپلۆماتەکان نەگرت. ئەو دیپلۆماتانە بێ گوێ دانە ویستی خەلّکی، سنوورێکیان بەسەردا سەپاندن.

ئێمە لەسەردەمی توانەوەی ئەو دەولّەتە دەستکردانەدا دەژین کە سنوورەکانیان بە ڕەمەکی لەکۆتایی (کۆنفرانسی ڤێرسێل) دا سەپێندران. ئەو کۆنفرانسە بە ئەوپەڕ نارێکی کۆتایی بە شەڕی گەورە هێنا. نزیکەی یەك سەدەیە هەموو دونیا لەدەستی ملهوڕی و چاوچنۆکی ئەو دیپلۆماتە ئەورووپایی یانەوە دەناڵێنێ کە وێنەی جیهانیان بەشێوەیەك کێشایەوە کە پڕ بە پێستی وەزارەتەکانی دەرەوەیان بێت.

ئێمەی ئەمێرکایی بێ بیر لێکردنەوە ئەم کەلّتوورەی ئەوان پەسەند دەکەین وا مەزندە دەبەین کە ئەرکی سەرشانمانە تا گەل بەدوای گەل بەوە قایل بکەین کە ئەوان ناتوانن بەخۆیان دەولّەتێك پێك بهێنن کە توانای ژیانی هەبێت، بۆ ئەمەش پێویستە هۆیان هەبێت تا قەناعەت بێنن. هەروەها رەنگە پێویستی سەرشانیشمان بێت کە ڕاستی لە دۆستەکانمان بگەیەنین. هەموو گەلانی دونیا هاوشێوە لەگەل هەموو تاکە کەسێك پێویستە ڕاستی یەکان قەبووڵ بکات.

دوای داتەپینی ئەم دەوڵەتە بۆگەنانە زۆر لەو خەڵکە تازە ئازادبووانە دەگەنە ئەو ڕاستی یە کە کەس نییە بتوانی بۆخۆی بە تەنیا بژیت. ئینجا ئەو گەلانە هەڵدەستن قەوارەی نوێ ی گەورەتر پێك دەهێنن. بەلاّم خۆ ئێمە ناتوانین سیستەمی گۆڕانکاری یەکە قوت بکەین، ناشبێ بە تۆبزی هۆیەکانیان نیشان بدەین بەر لەوەی بە خۆیان ئەزموونی ئەنجامی سۆزی خۆیان تاقی نەکەنەوە.

مرۆڤ بەو جۆرە درووست نەبووە.

ئێمە لەو کاتەی کەیارمەتی عیراقی یان دەدەین تا بناغەی وەلاّتەکەیان بنێنەوە، پێویستە بەئەویەڕی توانامانەوە کۆشش بکەین تا سوودی بەیەکەوە مانەوە بۆ هەموولایەنەکان ڕوون بکەینەوە. بەلاّم ئێمە نابێ، کەم وزۆر، نە چاوترسایان بکەین-- نە بە هیچ جۆرێکیش فریویان بدەین.

ئێمە تەنانەت لەو کاتەش کە دەمانەوێ عیراقێکی دیمۆکراتی-یاسا-بالاّ-دەست دابمەزرێنین، پێویستە لەسەرمان کە بەدیلەکانیش لەبەر چاو بگرین، ئەمە ئەگەر بمانەوێ خۆمان بپارێزین و نە چینە ناو جەنگەڵەکان بۆ ئەوەی بەدوای هێزەکانی گەریلای مێژوودا بگەڕێین.

کوردەکانی عیراقی و شیعەکان و کەمینەیەکی زۆری خەڵك لەمێژە لە بن دەستی عارەبە سوننەکانی ناوەڕاستی وەلاّتدا دەناڵێنن. ئێمە کاردانەوەی زۆرمان لەگەڵ گەیشتنی لەشکرەکانی وەلاّتە یەکگرتووەکان بۆ عیراق دیت. کوردەکان بە گوڵ پێشوازی یان لێ کردین. هەندەك شیعە هەلهەلەو چەپڵەیان بۆ لێداین، بەلاّم هەندێکان--بەهۆی گاریگەری ئێرانەوە--مات بوون و هەندێکیانیش دژمان بوون. عارەبە سوننەکانیش لەناوەڕاستی وەلاّتدا، هەرچەندە کۆمەڵێکیان لەبەر دەستی ڕژێمەکەدا دەیناڵاند، بەلاّم ئەویەڕ پشتیوانی سەدام حوسێن بوون. هەمووگەلانی عیراق دەبێ خۆیان لەم واقیعەی ئێستا ڕابهێنن. بەلاّم واشنتنیش، ڕەنگە لەلای خۆیەوە، پێویستی بێت تا خۆی لەڕاستییەکانی خۆی ڕا بهێنێ. کە ئێمە بووینە هۆی ئەم هەموو گۆڕانکاری یانە، نابێ لەسەر ئەوەی مکوڕ بین کە هیچ گۆڕانکاری یەکی دیکە ڕەنگنییە ببێت.

لەسەرەوەی هەموویانەوە دەبێ ئێمە پشتیوانی کوردەکان بکەین، ئەوانە ڕێزلێنانی هەموو دونیایان وەدەست هێنا. لەمێژە ئەو گەلە لە چنگ سنووره سەختەکانەوە دەناڵێنێ. وادیارە کێشەی ئەو گەلە، بەهۆی باری سیاسی یەوە، چارەسەری نییە. وەلاّتە یەکگرتووەکان بنکەیان لە تورکیادا گەرەکەو ئەنکەراش بۆ دەوڵەتێکی کوردی نایەتە بەر بار. تورکەکان و عارەبەکان و ئێرانی یەکان هەموویان مکوڕبوون لەسەر ئەوەی کە کورد دەبێ بە پارچەیی و بە هەژاری و بە بێ هێزی بمێنێتەوە.

ئێستا تورکیا خیانەتی دەگەڵدا کردین. لەهەمان کاتدا کوردەکان شانبەشانی ئێمەدا جەنگین. لە ماوەی دەساڵی ئۆتۆنۆمی دیفاکتۆدا (امری واقع) کوردەکان سەلماندیان کە دەوڵەتێکی سیڤیلی، دەسەلاّتی یاسا-سالاری هەیە. ڕەشبینی (کوردستانی ئازاد) لەوەدایە کە دوژمنان گەمارۆیان داوەو لێوارێکی دەریایی نییە. بەلاّم کوردەکان نەفتیان هەیە. نەفتیش دەتوانێ ئەم لێوارە بکڕێ. لەمەش زیاتر ئەوەیە کە گۆڕانی ڕژێم لە ئێران تەنیا بەکاتەوە بەندە.

باروودۆخ لەعیراق گەلەك لەمە ئاڵۆزترە کە وتارێك بتوانێ ڕوونی بکاتەوە. بەلاّم چەند شتێکی ڕوشەنی تێدا هەیە. وەلاّتەیەکگرتووەکان بەدرێژایی مێژووی خۆی، لەدەنیادا باشترین هێزی گۆڕانکاری بووە. ئێستا پێویستە ئێمە خۆمان بۆ ئەوە ئامادە بکەین کە یارمەتی پتر بۆ ئەو گۆڕانکاری یانە بدەین کە ناتوانین چیدی پشتگوێ یان بخەین. پێویستە ئێمە جەخت لەسەر بنیات نانی ئایندەیەکی باشتر بکەین و چیدی بەرگری لە کەلتووری ناشایستەی ئەوروپا نەکەین.

لەکۆتایی ئەزموونی عیراقدا، نابێ ئامانجی هەرە گرینگی ئێمە پاراستنی تەرمەکانی ڤارسیل بێت، بەڵکو ئازادی مرۆڤ و ئاسایش سەقامگیر بکەین-- جا گرینگنییە ئەگەر ئەمە بەیەك عیراق یان بە چەند عیراقێك بیتە کایەوە.

---

ڕالف پیتەرز ئەفسەرێکی خانەنشینی سوپایە و دانەری کتێبی (پاش تیرۆر: ستراتیژ لە جیهانێکی بگۆڕدا Beyond Terror: Strategy in a Changing World) یە.

ئەم وتارە لە http://www. Kurdistanobserver.com دا بلاّو کراوەتەوە.